بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆک

بەناوی گەلەوە

# بڕیار
## ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٣

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١١) لە ٢٤/ ٤/٢٠١٣ بڕیارماندا بە دەرکردنی:**

**یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠١٣**

**یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی یەکەم:**

ناوی یاساکە لە (یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە) هەمواردەکرێت بۆ (یاسای دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم).

**ماددەی دووەم:**

دەستەواژەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) جێگەی دەستەواژەی (ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێك کە لەم یاسایەدا هاتبێت.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دووەم: دەستە: دەستەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم).

**دووەم:** برگەی پێنجەم لە ماددەی یەکەم لە یاساکەدا هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پێنجەم: ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم: ئەو ناوچانەن کە لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە ناوچەی کوردستانین، کە لە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کەوتبونە ژێر ڕێکارەکانی بە عەرەب کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی).

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هێچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

**١٤/ئایار /٢٠١٣ ی میلادی**

## هۆیە پێویستکارەکان

وەك جەختکردنێك لە سەر بڕاوەیی دەستپێگرتن بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشت ئامرازە ڕەواکان وەك بەشێکی نەشیاو بۆ جیاکردنەوە لە کوردستان – عێراق لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیاوە، وە لەبەر ئەوەی زاراوەی (ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە)کە لە دەستوری عێراقیدا هاتووە کورت ناکرێتەوە سەر ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.